Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C21

# دەرکەوتە مێتافۆرییەکانی ئەنفال بەپێی تیۆری کارلێکی لە قەسیدەی (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس دا

**بەهار زایر محەمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| **Keywords** | |
| مێتافۆر،تیۆری کارلێکی، مۆدێلەکانی کارلێک ،گوتاری شیعری،دەرکەوتە مێتافۆرییەکانی ئەنفال | |
| **Corresponding Author** | |
| bahar.muhamad@su.edu.krd | |

**پوختە:**

توێژینەوەکە دەرکەوتە مێتافۆرییەکانی ئەنفال لە دەقی "گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس" بەپێی تیۆری کارلێکی شیدەکاتەوە، وەک ئاوێتەبوونی نێوان ئایدیا و بیرۆکەکان لەگەڵ واقیع، تیۆرەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مێتافۆر لە بنەڕەتدا لە سەر کارلێک بەندە، کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەری، لەهەمان کاتدا پەیوەستە بە پراکتیزە کەلتووری وئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە، تان و پۆی بیرکردنەوەمان مێتافۆرییە؛ چونکە مێتافۆر ئەرکی ئیستاتیکا و ڕازاندنەوەی تێدەپەڕێنێ و دەبێتە کۆڵەگەیەکی گرنگی بیرکردنەوەی مرۆڤ و لە زەین و بیردا جێگیردەبێت، دەرکەوتەکانی پەیوەستە بە دەرکەوتەی خود یان سوژەی مرۆڤەکان و ڕوانینیان بۆ دیاردەکانی دەوروبەریان.

لەسەر ئەم بنەمایانە (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس بە نموونە وەرگیراوە، ئامانج تێیدا دەرخستنی ئەو مێتافۆرانەیە کە شاعیر وەک تاقیکردنەوەیەکی کارلێکی بەکاریهێناوە کە چۆن پەیوەستن بە تاقیکردنەوە فیزیکی و جەستەییەکانەوە و هەموو ئەمانە لە گوتاری شیعریدا دەنوێنرێنەوە و میکانیزمەکانی مێتافۆر چۆن مەبەستەکانی شاعیر بەیان دەکات و وا دەکات مێتافۆری وا خەڵقبکات کە بونیادی بیرکردنەوە تاکی کورد سەبارەت ئەنفال ڕەنگرێژ بکات و ڕەهەندەکانی دیاریبکات.

## ١- پێشەکی:

**- ناونیشانی توێژینەوەکە:** دەرکەوتە مێتافۆرییەکانی ئەنفال بەپێی تیۆری کارلێکی لە قەسیدەی(گۆڕستانی چراکان) ی شێرکۆ بێکەس) دا

توێژینەوەکە دەربارەی ئەو مێتافۆرانەیە کە شاعیر لە قەسیدەکەیدا بەکاریهێناوە، بەو پێیەی مێتافۆر کایەیەکی گەورەی سیستمی بیرکردنەوە و وێناکردنی مرۆڤە جگەلەوەی یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی گوتاری شیعری، تیۆری کارلێکی مێتافۆر بەشێوەیەکی گشتی لەسەر کارلێکی مرۆڤ و دەوروبەری بەندە، بەپشتبەستن بە تاقیکردنەوە فیزیکییەکان کە بەشێوەیەکی بەتین بەتاقیکردنەوە جەستەییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرییەوە بەستراوە، بەهەمان شێوە دەربرینەکان لە شیعردا دەچنە چوارچێوەی وێنا تاقیکارییە کارلێکێکییەکانەوە،جا لەبەرئەوەی مێتافۆر پێکهاتە کەلتووری وکۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیای تێدا بەرجەستە دەبێت ئەوکاتە دیاریکردنی هۆکارەکانی و پشت بەکارهێنانەکانی دەبێتە دەرخەری کۆی گوتاری شیعری.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە مێتافۆرەکانی ئەنفالی بەپێی بنەمەکانی تیۆری کارلێکی پراگماتیکی لە قەسیدەکەدا شیکردووەتەوە، هەوڵدراوە مێتافۆرەکانی نێو قەسیدەکە لە ڕێگای ئەو مۆدێلانەی کە(لایکوف و جۆنسۆن) لە تیۆرەکەیان خستوویانەتەڕوو دیاریبکرێت.

**پرسیار و گرفتی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە ویستوویەتی گرفتی بەکارهێنانی مێتافۆرەکانی ئەنفال لەڕێگای ئەم پرسیارانەوە چارەسەربکات: مێتافۆر لەسەر چ بنەمایەک دادەڕێژرێت؟ مێتافۆر چ ڕۆڵێکی لە سیستمی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە؟ شێرکۆ بێکەس بە مێتافۆرەکانی نێو شیعرەکانی چ کاریگەرییەک لە زەینی تاکی کوردا بەجێدەهێڵێت؟ ئایا کارلێکی فیزیکی و کەلتووری شێرکۆ بووەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەو مێتافۆرانەی کە لە مۆدێلەکانی کارلێکی دیاریکراوە؟

**سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس-ە کە بە شێوەزاری ستانداردی ناوەڕاست نووسراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە سەبارەت بە شیکردنەوەی شیعری کوردی هەندێ بابەتی نوێ و سەردەمییانە دەخاتە ڕوو لەڕێگای دیاریکردنی ئەو مێتافۆرانەی کە شاعیر لە قەسیدەکەیدا بەکاری هێناوە کە چۆن مێتافۆرەکان بەشدارن لە دروستبوونی وێناکانی بیرکردنەوەی شاعیر دەربارەی ئەنفال و چۆن تاقیکردنەوە جەستەیی و کەلتووری و دیدگا و ڕاستییە گەردوونییەکان کاریان لەسەر دروستبوونی ئەم مێتافۆرانە هەیە، لە هەمان کاتیشدا

مێتافۆرەکان سنوورەکانی بیرکردنەوە لە ئەنفال دروستدەکەن، ئەمەش وا دەکات دان بەو ڕاستییەدا بنێنین کە پێکهاتە زمانییەکان سیستمی زەینی دیاریدەکەن و هۆکارێکن بۆ ئەوەی لە جیهان و نهێنییەکانی شاعیر بگەین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لەتەوەری یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر تیۆری کارلێکی و ئەو بنەمایانەی کە ئەم تیۆرەی لەسەر بونیاد نراوە، لە تەوەری دووەم باسی مێتافۆر و گوتاری شیعری کراوە ئەم دوو تەوەرە تیۆرین، تەوەری دواتر تایبەتکراوە بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لە ڕێگای دیاریکردنی مۆدێلەکانی تیۆری کارلێکی پراگماتیکی بەو پێیەی کە(لایکۆف و جۆنسۆن) دیارییان کردووە لە ڕۆمانە شیعری(گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەس دا، کە ئەوانیش لە دوو بەشی سەرەکی، مێتافۆری بارەکان، مێتافۆرە داهێنراوەکان پێکهاتووە، مێتافۆری بارەکانیش لە سێ بەشی تر پێکهاتووە کە لە ئاڕاستەکان، ئەنتۆلۆژیەکان، بونیادگەریی پێکهاتوون، هەوڵدراوە نموونەی هەموو مۆدێلەکانی کارلێک لە قەسیدەکەدا دیاری بکرێت.

## ٢-تیۆری کارلێکی (Interaction Metaphor Theory)

تیۆری کارلێکی بە جێگرەوەی تیۆری (گواستنەوەی واتا)(الاستبدالية)(comparisionthyory) دادەنرێت پەیوەستە بە زانستی مەعریفی (دەروونناسی-جەشتالتی) یەوە، ڕەوانبێژی کلاسیکی تێدەپەڕێنێت و لە نێو پۆزەتیفیزمدا جێگیر دەبێت. هەریەک لە ڕیچاردز لە کتێبی(فەلسەفەی ڕەوانبێژی) و ماکس بلاک لە کتێبی(نموونەی مێتافۆری) تیۆرەکەیان خستە ڕوو، لەلایەن زۆرێک لە زمانناسان و بیرمەندان پێشوازی لێکرا لەلایەن(پۆل ریکۆر)ەوە لە کتێبی (تیۆرەکانی راڤە) بە تەواوی پشتگیری لێکرا، مارک جۆنسۆن و جۆرج لایکۆف لە کتێبەکەیان(ئەو مێتافۆرانەی بە هۆیانەوە دەژین) بە تەواوی بنەمای تیۆرەکەیان دانا.


بەشێوەیەکی گشتی تیۆرەکە لەسەر ئەم بنەمایانە بەندە:

### بنەمای یەکەم:

### مێتافۆر لە بنەڕەتەوە لەسەر کارلێک بەندە:

بەپێی ئەم تیۆرە مێتافۆر کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ دەورووبەری، لە هەردوو لایەنی مێتافۆر(سەرچاوەsorce domain/مەبەست target domain) ڕەنگدەداتەوە، ئەمان نیشانەیان لە تیۆری کلاسیکی(گواستنەوەی واتا) گرت و بە کەموکوڕی تاوانباریان کرد، ئەو بیرۆکەیان ڕەتکردەوە کە مێتافۆر دەبرین بێت لە گواستنەوە و خواستن، پێیانوایە بە واتای کارلێک و ئاویتەبوون دێت.

(ماکس بلاک) دوو ئاستی لە مێتافۆر دیاریکرد ئاستی وشەی سەنتەر(focus) ئاستی چوارچێوە (frame) یان بەشەکانی تری ڕستە، وتی وشە دەستبەرداری هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دەبێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندی تری بۆ زیادبێت، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکی نێوان سەنتەر و چوارچێوە دروستدەبێت، کاتێک دەڵێین (شوان شێرە) ئەوا شێر بەشێکی تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکەی دەبەخشێت و تایبەتمەندی مرۆیی بەدەستدەهێنێت، شوانیش بە پێچەوانەوە سیمای ئاژەڵی بۆ زیاددەبێت، بەم شێوەیە کارلێکدەکەن و دەچنە قۆناغی یەکبوونەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان، بەرهەمەکە شتێکی نوێ دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:




هێڵکاری کارلێککردنی ئاستەکانی مێتافۆر لای(ماکس بلاک)

ماکس بلاک ئەم ئاوێتەبوونەی بەهەند وەرگرت و دژی تیۆری(گواستنەوە) بەکاریهێنا بەو پێیەی کاتێک مێتافۆرێک بەکاردەهێنرێت، لە بەرامبەر دوو بیرۆکە دا دەبین لەهەمان کاتدا،پەیوەستن بە دەربڕینێکەوە، واتاکەی لە ئەنجامی کارلێکی نێوانییان دروستدەبێت.(Black:1962:28)ئێمە لە بەرامبەر دوو بیرۆکەی جوڵاو داین لە هەمان کاتدا جیاوازن هەردووکیشیان جەخت لەسەر دەربڕینێک دەکەنەوە، واتاکەشیان لە ئەنجامی کارلێک بوونیان دەردەکەوێت، بەم شێوەیە واتایەکی نوێ دەستدەخات کە جیاوازە لە واتا بنچینەییەکەی واتای وشە سەنتەرەکە فراوان دەبێت، ئاماژەی بەوەش کرد کە سەرکەوتنی مێتافۆر درکردنی وەرگر و فراوانبوونی واتا کە لە ئەنجامی پێکەوە بەستنی هەردوو یەکەکە دروستدەبێت.

بلاک بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەک دەهێنێتەوە(سەرۆکەکە بە ڕۆژنامەنووسەکاندا تەقییەوە) پێیوایە کە وشە سەنتەرەکە تەقینەوەکەیە مەبەستی سەرۆک و ڕۆژنامەنووسەکان بە چوارچێوەی مێتافۆر دادەنێت، دەکرێت ئێمە مێتافۆر بۆ زمانەکانی تر وەرگێڕین لەبەر ئەوەی مێتافۆر بە واتاوە بەستراوە نەک بە وشە و دەنگەوە، هەر بۆیە لە هەموو شوێنێک شەرعیەتی خۆی بە دەست دەهێنێت ئەو زۆر بە بابەتی سیاقەوە خەریک بوو پێیوابوو هەمیشە بۆ دەرکەوتنی واتاکان دەبێ بۆ ئەو بگەڕێینەوە.(max:1962: 38،Black)

بە بۆچوونی (ریچاردز) مێتافۆر هەمیشە لە زمان دا بوونی هەیە، هەموو قسەکردنە ئاساییەکان مێتافۆرییان تێدایە، بگرە لە مەیدانی زانستی پەتیش دا ئەو ئامادەیە بە تایبەتتریش لە فەلسەفە، پێیوایە چەندە بەرەو ئەبستکراکردن بڕۆین ئەوەندە پێویستمان بە مێتافۆر دەبێت، لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە

سروشتێکی مێتافۆریانەی هەیە هەر بۆیەشە مێتافۆرەکان لە زمان دا هەڵدەقوڵێن، ڕیچاردز دوو لایەنی لە مێتافۆر دیاری کرد و (هەڵگر و هەڵگیراو)* ە،پێیوایە واتاکەش لە ئەنجامی کارلێکی هەردووکیان دروستدەبێت.(Richards:2001: 93-94)ڕیچاردز لە ڕێگای ئەم نموونەیەوە بیرۆکەکانی دەخاتەڕوو (ڕەشپێستەکانی ئەورووپا)، پێیوایە واتاکە لە ئەنجامی کارلێکی هەردوو لایەنی مێتافۆرەکە دەرکەوتووە ئەو پێیوایە بیرکردنەوەمان دەربارەی هەژارەکانی ئەورووپا و ڕەش پێستەکانی ئەمریکا لەگەڵ یەک کارلێکیان کردووە و واتاکانیش لەم کارلێکەوە سەرهەڵدەدەن.(هەمان سەرچاوە:١٠١)(پۆل ریکۆر)یش تەوەرەکانی ڕەوانبێژی کلاسیکی ڕەتدەکاتەوە بە تیۆری کارلێکی دەیانگۆڕێت، یەکێک لەو بابەتانەی کە جەختی لەسەر دەکاتە ئەوەیە کە لە کلاسیک پێیانوابووە مێتافۆر ڕووداوێکە پشت بە ناونان دەبەستێت واتا تەنها گواستنەوەی واتایە لە وشەکان.(بول ریکور:2006 :101)جۆرج لایکۆف و مارک جۆنسن لەسەر بنەمای پۆزەتیڤیزمی تاقیکاری لە مێتافۆر دەڕوانن بە دیدی ئەمان تانوپۆی مێتافۆرەکان لەسەر بنەمای جیهانەکەمان دارێژراوە پەیوەستە بە کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ دەوروبەر و کەلتوورەکانیان، ئەمان پێیانوایە کارلێک ئەو ئەوکاتە دروستدەبێت کە هەست بە سیما هاوبەشەکانی نێوان هەردوو یەکەی مێتافۆر بکەین.

## بنەمای دووەم

### مێتافۆر تەنها بابەتێکی زمانی نییە، بەڵکو بابەتێکی فیکریشە:

کارلێکییەکان جارێکی دی ڕەخنەیان لە تیۆری(گواستنەوە) گرت کە بابەتی مێتافۆریان لەسەر بابەتی زمان کورتکردووەتەوە، بۆ نموونە ڕیچاردز جیاوازی لە نێوان بیر و زمان ڕەت دەکاتەوە پێیوایە ئەوەی لە مێتافۆر ڕوودەدات ئاوێتەبوونی دوو بیرۆکەیە کە بەیەکەوە بیرۆکەیەکیان لێ دروستدەبێت، واتا ئەوان مێتافۆر بە ڕێڕەوی بیرکردنەوەکانەوەپەیوەست دەکەن، ڕیچاردز پێیوایە بیرکردنەوە خۆی سروشتێکی مێتافۆریانەی هەیە.(ichards:2001: 91R) هەروەک پۆل ریکۆر ناوی ناوە (نیگەرانی) ئەو پێیوایە ئەوەی ڕوودەدات نیگەرانییە لە نێوان دوو ڕاڤەدا یان دوو بیرکردنەوە دروست دەبێت، مێتافۆری زیندوو نیگەرانی دەخاتە نێوان وشەکان و لەدایکبووی کارلێکە، ئەمەش وێنەیەکی دارێژراو نییە بەڵکو واتایەکی نوێی لەدایکبووە هەر وەک لایکۆف و جۆنسون دەڵێن پەیوەست نین بە زمانەوە بەڵکو بە وێناکردن و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە پەیوەستن. بابەتی سەرەکی کتێبەکەیان (ئەو مێتافۆرانەی کە بە هۆیانەوە دەژین) لەسەر ئەوە بەندە، ژیانی مرۆڤ بە پێی مێتافۆرەکان دیاریدەکرێت لەبەرئەوەی زمان بە سروشتی خۆی بە شوێنی وێناو بیرەکاندا دەڕوات.(Lakoff and johanson:2003:6)

## بنەمای سێیەم

### مێتافۆر بابەتێکی خۆرسکییە لە زمان و بیری مرۆڤ نەک بابەتێکی جوانکاری ئەدەبی:

یەکێک لە بنەماکانی تیۆری کارلێکی ئەوەیە کە وەک توانستیک لە مێتافۆر دەڕوانێت و بە هۆکارێکی سەرەکی بیرکردنەوەی مرۆڤی دادەنێت، لایکۆف و جۆنسن جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکەنەوە، کە ناکرێت لە بیرکردنەوەکانمان دەستبەرداری مێتافۆر بین، بەڵکو بە پێچەوانەوە مێتافۆر لە هەموو کایەکانی ژیان بوونی هەیە بگرە لە کردەکانی ڕۆژانەش ئامادەیە، سیستەمی وێناکردنی ژیانی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە مێتافۆریانەیە.(هەمان سەرچاوە:21) ئێمە بە مێتافۆر بیر دەکەینەوە و دەژین، زمان لە بنەڕەتەوە خۆی مێتافۆرییە و چالاکی زمانی لەسەر بونیادنراوە بەم پێیە مێتافۆر بنەمایەکە بۆ سروشتی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی وێناکردن، بیر، دەربڕین یان زمانی جەستە و...هتد وێناکانمان ئەو شتانە بونیاد دەنێن کە درکیان دەکەین و تەنانەت ئەو ڕێگایانەش دروست دەکەن کە لە ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ جیهان و خەڵک دەکەین. هەر بۆیە لە سیستمی وێناییدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕیت، چۆنیەتی بیرکردنەوە و مامەڵە و ڕەفتاری ڕۆژانەمان پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ میتافۆردا هەیە.(لایکوف و جونسن:1987، 21) بەپێی ئەم بۆچوونە نوێیە، زەین بە پێی هێما ئەبستراکت و ماتماتیک و خواریزمی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو بە پێی کردەی کارلێک کار دەکات کە بە تۆڕێکی سیستمی وێناییەوە بەستراوەتەوە و هەڵهێنجراوی تاقیکردنەوەکانی ژیان و جەستەمانە، ئەوەی واتا بەم هێمایانە دەدات توانا و تاقیکردنەوە و هەڵسوکەوت و جوڵە و کۆمەڵگا و کەلتوورە.

## بنەمای چوارەم

### مێتافۆر تەنها لەسەر بابەتی خواستن کورتنەکراوەتەوە:

لە تیۆری کارلێکیدا مەبەستەکانی مێتافۆر تەنها لێکچواندن و خواستن نین،(ڕیچاردز) پێیوایە ئەگەر مەبەست لە لێکچواندنی شتەکان بێت ئەوا مێتافۆر هیچ نرخێکی بۆ نامێنێتەوە مەبەستەکە لەوە زیاترە و دەیەوێت وەسفی زەینی ئاخێوەر بکات لەو کاتەدا.(ریتشاردز:2002: 84) نرخی میتافۆر لە ئەنجامی لێکچواندنی بارەکانەوە دروستنابێت، بەڵکو تەجەلای کۆکردنەوەی دوو شتە کە سەر بە دوو سیستمی جیاوازن لە تاقیکردنەوە کە عەقڵ هەوڵی بەیەک گەیاندنییان دەدات.(لحویدق:2015: 175)ریکۆریش پێیوایە پەیوەندییەکە کە ئەوەندە جیاوازی و لێکنەچوونە ئەوەندە لێکچواندن نییە لەبەر ئەوەی ئەنجامی لێکچواندنەکە شتێک دەبێت زۆر جیاواز دەبێت کە لەوەی پێشتر دروستمانکردووە. (ریکور، بول 2002: 88)بۆ نموونە لە مێتافۆرێکی وەک(گۆڕستانی چراکان) ئەم دوو بیرۆکەیە زۆر دوورن لە یەکەوە هیچ بە یەکەوە پەیوەندیان نییە بەڵام بەپێی ئەم مێتافۆرە لێک نزیکدەکرێنەوە و تێکەڵدەکرێن، لە ئەنجامی جیاوازی لێکنەچوونی ئەم دوو بیرۆکەیە پێوەندیەکی نیگەرانی دروستدەبێ، لەسەر ئەو بنەمایە کارلێکدەکەن و پەیوەندیەکی ئاڵۆز دروستدەبێت نیگەرانی لەنێوان ڕاڤەکاندا دروستدەبێت ئەوی یەکەمیان چەمکە ئەوی تر مەجازە.( ایکو، امبرتو: 2005: 235) لەم بارەدا ئەو واتایەی هاتۆتە کایەوە پێشتر بوونی نەبووە بەڵکو بەهۆی ئەم پێکەوە دروست بوونە کە بەهۆی ئەو پەیوەندیە نەگونجاوەوە دروستدەبێت مێتافۆر ئەوەندە (مەتەڵەک)ە ئەوەندە لێکچوون و لەوچوون نییە، بۆیە ئەگەر جیاوازیەکانی نێوانییان زۆر نەبێت کردەی لێکچواندن سەر ناگرێ.

---

*ریچاردز ئەم دوو چەمکە مێتافۆرییەی داهێناوە، بەو پێیەی هەڵگر(Tenor)بیرۆکە بنچینەییەکەیە، هەڵگیراو(vehicle) ئەوەی دەوتریت و بیری لێدەکرێتەوە،بیرۆکەی (واتای حەقیقی- واتای مەجازی) ڕەتکردەوە ،ئەو پێیوایە ئەو واتایەی لە نێوان یەکەکان دروستدەبێت مێتافۆرییانەیە لە ئەنجامی کارلێکی هەردووکیان دروستدەبێت.بڕوانە(لحویدق:2015: 77)

## بنەمای پێنجەم

### ئەم تیۆرە گرنگی بە گوتنی مێتافۆری دەدات لەبری ئەوەی گرنگی بە واتای وشەیەک بدات:

لە تیۆری کارلێکی مێتافۆریدا مێتافۆر بەرهەمی کارلێکی نێوان یەکەکانە، ڕیچاردز جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو واتایەی لە نێوان هەڵگر و هەڵگیراودا دروستدەبێت نابێت وەک واتایەکی جوانکاری تەماشاکرێت بەڵکو کارلێکی نێوانیان واتای مێتافۆری نوێی خەڵقاندووە و ناکرێت لەیەکیش جوداکرێنەوە.(ریتشاردز:2002: 101)پێکهاتەکەنی مێتافۆر لەشوێنی خۆیانەوە لەگەڵ سیاقی گشتی دەقەکە کارلێکدەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت نابێت وەک لادانی واتایی لە مێتافۆر بڕوانین لەبەرئەوەی واتاکەی بە سیاقەکانەوە بەستراوە پەیوەست نییە بە تاکە وشەیەک و دەربڕینێکەوە.(ریتشاردز:49)بەمجۆرە ڕیچاردز ئەوە دەردەخات کە مێتافۆر بەرهەمی کارلێکی بیرکردنەوەکانە، لەنێو ڕستەو گوتارەکان واتایەکی نوێ لەدایکدەبێت کە پەیوەست نین بە واتا ئامادەکراوەکان کە لەسیاقە کۆنەکاندا هەبوون، بەپێی سیاقە جۆراوجۆرەکان واتاکەی دەگۆڕێت و پەیوەستە بە کارلێکەکانی نێو دەقەکان.لە هەمانکاتدا پۆل ڕیکۆر پێیوایە واتای مێتافۆر لە ڕێگای درکاندن و ڕستەی تەواوە دەردەکەوێت ئەوەندە گرنگی بە واتای ڕستە دەدات گرنگی بە واتای وشەکان نادات، لێرەدا تەنها بە کۆکردنەوەی هەردوو یەکەکە واتا مێتافۆرێکە دروستدەبێت بۆیە نابێت باسی مێتافۆری وشەیەکی دیاریکراو بکەین، بەڵکو دەبێت باسی گوتنێکی مێتافۆری تەواو بکەین.(ریکور:2002: 89) ڕیکۆر وشە و زاراوەی مێتافۆری بۆ دەربڕینی مێتافۆری دەگۆڕێت کە ببێتە هۆکاری دەربڕینی واتاکە.

## بنەمای شەشەم

### مێتافۆر نرخێکی ڕەفتارییانەی مەعریفی هەیە:

لە پێکهاتەیەکی تری ئەم تیۆرە ئەوە خراوەتە ڕوو کە دەکرێت میتافۆر بابەتێک بێت بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ، لایکۆف لە کتێبێکی تردا ئەمەی بە ناوی(جەنگی کەنداو-ئەومێتافۆرانەی دەمانکوژن)ئەوەی دیاریکرد کە میتافۆر هۆکاری کارلێکیەتی لەگەڵ جیهانەکەی و لەوێناکردی مرۆڤ بۆ شتەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، بەمشێوەیە وێناکردنەکانی مرۆڤ بە ئاڕادەیەکی زۆر مێتافۆریانەن.(لایکوف:2005: 38) ئیتر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتارمان بە شێوەیەکی سەرەکی بە مێتافۆرەوە دەبەسترێت، مێتافۆرەکان بە تایبەتیش خەیاڵ و داهێنان پێگەیەکی بەرزیان لە گەیاندنی واتا هەیە ئامرازی درکردن و تێگەیشتنن، ئەوان کردە گەیاندنیان فراوانکردووە و واتایەکی نوێیان بە تاقیکردنەوەی مرۆڤ داوە، دەتوانێت دەربڕین لە ڕابردوو-ئێستا-داهاتوو و چالاکی ڕۆژانە بکات، ئەوان دژی ئەو بۆچوونەن کە دەیوت مێتافۆر هۆکارێکی جوانکاریە، بەڵکو لای ئەوان نرخێکی زۆر گەورەتری هەیە کە لەوەی پێشووتر پێی بەخشرابوو لەبەر ئەوەی تیۆرە کۆنەکان شتێکی نوێمان دەربارەی واقیع نادەنێ.

بەم شێوەیە تیۆری کارلێکی لە جیگای تیۆری( گواستنەوەی واتا) هات کە پشتی بە عەقڵ و لۆژیکی وشک دەبەست، بڕوای بە کارلیکی نێوان یەکەکان نەبوو، لە بری بەکارهێنانە کۆنەکانی(خواستن)یش هات کە تەنها ئەرکی وەسف و لێکچواندنی دەبینی تەنها ڕۆڵی جوانکاری و ڕەوانبێژی پێ بەخشرابوو، لەبەرامبەردا ئەم تیۆرە وەک یەکەیەکی تێگەیشتن و درککردن دەیبینێت، دانەیاکی زمانی وایە کە توانای دروستکردنی واقعی هەیە نەک هەر وەسفێک بێت بۆی، ئەرکە مەعریفی و داهێنراوەکەی لە زەینی ئاخێوەر دایە کە بەبەشداری جیهانەکەی دروستبووە.

### ٣-کارلێکی مێتافۆر لە گوتاری شیعریدا

مێتافۆر پێگەیەکی گرنگی لە گوتاری شیعریدا هەیە، شیعر لەسەر مێتافۆر بونیاددەنرێت لە هەمانکاتدا ئەو میکانیزمانەی مێتافۆری لەسەری بونیاددەنرێت شیعریشی پێ بوونیاددەنرێت،ئەرستۆ لە کتێبی(هونەری شیعر) ئاماژەی بە گرنگی مێتافۆر کردووە لە شیعردا کەچۆن دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵچوونەکان لای مرۆڤ کەڕێگای وشە خواستراوەکان(دڵسوتان و ترسییان لا دەخولقێنیت)بڕوانە(ارسطو:فن الشعر:95) لەکتێبی(هونەری ڕەوانبێژی) یش ئاماژە بەوە دەکات کە لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانەی شیعر دەیانخاتەڕوو لە دەرەوەی شتە باوەکانن بۆیە پیویستی بە مێتافۆر بە شتێکی حەتمی دەزانێت. بروانە(ارسطو:فن الخطابة:196)پۆل ڕیکۆریش لە پرسی بونیادی کاری شیعریدا دەڵێت هەموو مێتافۆرێک شیعرێکی بچووککراوەیە دەتوانێت چەمکی کارلێکیش لە وشەی سەرەوە هەڵبکرێنین، شیعر میتافۆرێکی گەورەکراوە لە چەند لقێکی مێتافۆری تر دروست بووە، بێگومان شیعر واتای فراوانی لە خۆگرتووە یەک ئاڕاستەی نییە ڕاڤەکانی بەپێی خوێنەرەکان دەگۆڕێت، جگە لە بەها جوانکاری و کەلتوورییەکان کە کۆی دەقەکەی لەسەر بونیاددەنرێت ڕاڤەکانیش جۆراوجۆر دەبن. شیعر بە شێوەیەکی پێچاوپێچ واتاکان دەخاتە ڕوو ڕەنگە شتێکمان پێ بڵێ بەڵام شتێکی تری مەبەست بێت.(الحنصالي2005: 16-17) یان لە ڕێگای نەمانی واتا و پارادۆکسەوە یان لە ڕێگای داهێنانەوە سیاقێکی وا دروستدەکەن یەکەکان و لە شوێنێکی تر دەهێنرێت و دەخرێتە ناو دەقەکەوە بۆیە گوتاری شیعری خاوەنی ڕاڤایەکی بێکۆتایە، لە ناوەڕۆکی هەموو شیعرێکدا هەر جۆرێک بێت ململانێیەکی بێ کۆتایی هەست و زمان هەیە شاعیرەکان هەستی بەرزی واتایان هەیە وا دەکەن هێزێکی واقعی دروستبێت کە هیچ فەیلەسوفێک پێی دروستنابێت ئەوکاتە مێتافۆر ئەرکێکی مەعریفی وای لە ئەستۆیە کە دەق دادەبڕێت و پلەکانی خەیاڵی تێدا بەرز دەکاتەوە و جیهانی دیار و نادیار بە یەکەوە دەبەستێت و دەیانخاتە پێش خوێنەر، بەمشێوەیە ئێمە لە بەردەم جۆرێک لە کارلێکین لەگەڵ بابەتەکە لەبەر ئەوەی شاعیر دەیەوێت لە ڕێگای تێگەیشتن و زانینی خۆیەوە لە هەست و ڕامان و خۆشەویستی...هتد بۆ ئێمە بگوازێتەوە ئەستەمە لە ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بگەین، ئەگەر نەیگەڕێنینەوە بۆ سەردەم و بارودۆخ و مێژوو کەلتووری نەتەوەکەوە، لێرەدا کارلێکی وشەکانمان بۆ دروستدەبێت، ئەمانە تەنها دروستکردنی وێنەی شیعری نین بەڵکو وە ئاگاهێنەرێکی لێکبەستراون دەمانگوازنەوە بۆ واتاکان و دەبن بە سیمبۆلێک لە نێو زماندا جێگیردەبن، کۆکردنەوەی دیاردە دوور لەیەکەکان لە یەک چەمکدا بەڵکو نەگونجاوەکان پێویستی بە ئەرکێکی مەزن هەیە، بە درکێکی مەزن هەیە، ئەو شتە ناکۆکانە لە نێو وێنەیەکدا کۆدەکاتەوە بە شێوەیەک وەک یەکەیەکی دیاریکراو دەرکەوێت هەر وەک (ڕیچاردز) دەڵێت ((مێتافۆری باش درکردنێکی مەزن دەخولقێنێت شتە ناکۆکان لە وێنەیەکی گونجاو دا کۆ دەکاتەوە))(ریتشاردز:2002: 134) وێنا مێتافۆرەکانی ئەنفال وەک واقیعێکی دیاری کورد هەر وەک ماکس بلاک پێی وایە واتاکانی مێتافۆر دەژین و بەهێزن ڕەنگە لە فەرهەنگدا نەبن بەڵکو داهێنانی بەرهەمهێنەرەکانە،(38،1962،Max،Black) بەرهەمهێنەری مێتافۆر بەهۆی هێزی وشەسازی و ڕستەسازییەوە کاریگەرییەکی پێوانەیی دروستدەکات لەسەر ئەو بنەمایە واتایەکی نوێ لە زماندا دروست دەکات، لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا بە تایبەتی(گۆڕستانی چراکان) بەو توانا زمانییەی لە کە ڕستەو بیرۆکەکان دەری دەکات چەمکی ئەنفال لەسەر دەسی ئەو لقی

لێدەبێتەوە و مێتافۆری وا دەخولقێنێ کەکۆی بیکردنەوەی تاکی کورد بۆ چەمکی ئەنفال ئاڕاستە بکات، ئەو میتافۆڕانەی لە لایەن شێرکۆوە دروستدەکرێن بە چەسپاوی لە زمانی کوردیدا دەمێننەوە ڕەنگە پێشتر ئەوە لە زمانی کوردیدا یان لە ڕووداوەکاندا نەبن، بەڵام لە ڕێگای داهێنانی زمانییەکانی شێرکۆوە دێنە ناو بیرکردنەوەی تاکی کورد و دەمێننەوە، ئەم بابەتە پێکهاتەیەکی وردتر بۆ واتای شتەکان دروستدەکات و ڕەهەندێکی هەڵکۆڵراو بۆ مێتافۆر لە زەینی تاکی کوردا دروست دەکات، سوودی مێتافۆر لەوەدایە کە واتای نوێ لە جیهانی دەرەوە مرۆڤ دروست دەکات و لەنێو ئەو سیاقە وێنەیدا کە مێتافۆر دەیخوڵقێنێ ئەمبرتۆ ئیکۆ پرسیار دەکات ئێمە چۆن ئەم چەمکانە دروستدەکەین ئایا دەبێت لە نێو کەلتوورەکەی خۆیدا یەکەکان بە یەکەوە گرێ بدەین؟ لە وەڵامدا دەڵێت مێتافۆر بۆ جوانکاری نییە بەڵکو میکانیزمێکی ئیدراکییە سەرچاوەی ڕوونی و شاراوەییە لە دەروونی مرۆڤدا(ایکو2002،:304)لە دەق شیعریدا مێتافۆرەکان دەمانگوازنەوە بۆ سیاق دەوروبەر مێتافۆرەکان بەپێی سیاق شیعرەکان ژیانیان بەبەردادێ، ئەم لایەنەی میتافۆر بە پراگماتیکی دەق شیعرەوە دەمانبەستێتەوە و خوێنەر دەباتە دەرەوەی شیعرەکە و ڕاڤەکانی پێویستی بە سیاقەکانی دەرەوە دەبێت کاتێک وێناکانی شاعیر دەخەینە سیاقەکانی کەلتووری کوردییەوە مێتافۆرەکان ڕاڤە دەکرێن و ئەو کاتە دەکەونە ژێر کە کاریگەری درکی مرۆڤ کوردەوە، ئەو پێیوایە ئەمانە زنجیرەیەک مێتافۆری بەیەکەوە بەستراون و بەکۆی گشتی لە دەوری وێنا سەرەکیەکە دەخولێنەوە، مێتافۆرەکان هۆکارن بۆ دەرخستنی پێگەیشتنی و بەرەو پێشبردنی، لە قەسیدەی گۆڕستانی چراکاندا وێنەی سەرەکی ئەنفالە هۆی قەسیدەکە پەیوەستە بە خولانەوە لە دەوری چەمکی ئەنفال ڕزێک ڕووداو لەنێو قەسیدەکەدا ڕوو دەدەن وەکو ئاوارەیی و تەنهایی...هتد بەڵام بابەتە سەرەکیەکە هەر ڕووی لە ئەنفالە و بە ئەنفال دەبەسترێتەوە.

## ٤- مێتافۆرەکانی گۆڕستانی چراکان بە پێێ مۆدێلەکانی تیۆری کارلێکی:

### یەکەم:مێتافۆری بارەکان

دیاریکردنی مێتافۆرەکان بە پێی بارەکان بە مۆدێلیکی تیۆری کارلێکی دادەنرێت، لە تیۆرەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە مێتافۆرەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بوونیان هەیە و پێکهاتەیەکی گەورەی بیرکردنەوە و وێناکردنن بۆ شتەکانی دەوروبەر، بەپێی تاقیکردنەوە فیزییەکیەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانی دەرەکی کار دەکەن و پەیوەستن بە کۆمەڵێ میکانیزمەوە کە وێناکردنی کارلێکی دروستیکردوون، بە تایبەتی ئەوەی کە لە کتێبەکەی (لایکۆف و جۆنسن) ئەو مێتافۆرانەی کە بەهۆیانەوە دەژین دیاری کراون، لەم بەشانە پێکهاتووە:

### ا- مێتافۆری ئاڕاستەکانoritiantional metaphor

مرۆڤ پێش وێناکردنی شتەکان تاقییاندەکاتەوە ئەوانیش دەکەونە ژێر باری فیزیا و گەردوونەوە.*بەو پێیەی کە بوونەوەرەکان لەگەڵ ژینگەکەیان پەیوەندی دروست دەکەن و تاقیکردنەوەکانی تێیدا ئەنجامدەدەن، وێنا مێتافۆرییەکانی تێدا دروست دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکە پشت بە مەودای سەرچاوە دەبەسترێت ئەزموون و کارلێککردنەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی و درککردنەکانی هۆکارن بۆ سازدانی شێوەی ئاڕاستەیی بەهۆی مێتافۆرەوە لێرەشەوە مرۆڤ مەودای ئاڕاستە شوێنەکان بۆ ئەزموونکردن و بەرجەستەکردنی مەودا ئەبستراکتەکان بەکاردەهێنێت مێتافۆرە.(ئەحمەد، محمد کەریم:٢٠٢٢: ٤٩)

### ا-١ /مێتافۆری مل دانەواندن و لاوازی و ڕوو لەژێری:

کەوتن ئەو بارە فیزیکییە کەجەستە بەرەو بێهێزی و ڕوخان دەچێت، یەکەکانی مێتافۆرەکان بەم شێوەیە دروست دەبن، مەودای سەرچاوە (ڕوولەلێژی و کەوتن)ی جەستەیە و مەودای مەبەستیش (ملدەوەنەواندن و لاوازی و دۆڕانە.

ئەم مێتافۆرانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی لە لاوازی و بێ دەسەڵاتی تێبگەین لەبەر ئەوەی کۆی ڕوو لەژێربوون لە تاقیکردنەوەی مرۆڤدا بە مەستی کەوتن و خراپی دێت هەرچەندە خۆی ڕوو لەژێری لە گەردووندا بە تەواوی نەبەستراوەتەوە بە سەرنەکەوتن بەڵام بە پێی تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ ئەم جۆرە مێافۆرانە واتای باش بە دەستەوە نادەن، (پەراوێزخران، ورەی دابەزیوە،پشتی چەمایەوە...هتد) ئەمانە بەرەو هەستی دۆڕان و داڕووخانمان دەبەن، برگەکانی ئەم مێتافۆرانە لە قەسیدەی گۆڕستانی چراکان بەو شێوەیە خۆی دەنوێنێ، کە بارودۆخی ئەنفال بارێکی دەروونی پڕ لە لاوازی بێ دەسەڵاتی خوڵقاندووە کە شاعیر هەست بە ملدانەواندن و دۆڕان دەکات لە ڕاستیدا (لایکۆف) لە کتێبی( جەنگی کەنداو و ئەو مێتافۆڕانەی دەمانکوژن) ئاماژەی پێدەکات (مێتافۆرەکان ڕەنگە بمانکوژن، هۆکارن بۆهێرشەکانی سەر مرۆڤ، بە پشتبەستن بە حیکایەت و ئەفسانە(پاڵەوان، دوژمن، قوربانی،سەرکەوتن، دۆڕان...هتد)(لایکۆف:2005: 5)لایکۆف مەبەستیەتی لە باری شەڕدا باسی ئەمە بکات چونکە مرۆڤ لە کاتێک لە شەڕدایە دەکرێت جارێک سەرکەوتوو جارێک دۆڕاو بێت، ئەم میتافۆڕانەی لەم دەقەدا هەیە باسی تاقیکردنەوەی فیزیکی کەلتووری کورد دەکات دیدەکان ڕوو لە ملدانەواندن و لاوازی و ڕوو لە ژێرییە بەڵام لە قەسیدەی ئەنفال بە شێوەیەکی گشتی شکان و لاوازی و ڕوولەژێری لەسە بە مێتافۆرەکانیدا زاڵن لەبەر ئەوەی سەرکەوتن لەو کاتەدا مەحاڵ بووە:

لەو خوارە تەپ و تۆزێ لە تەندوورەی خۆڵا

نە هێشتوویەتی ئاو چاوی ببینێ نە تاقە پەپوولەیەکیش بێ بە عاشق(گۆڕستانی چراکان:٩٨)

---

مێتا *فۆڕی گەردوونی پەیوەستە بە مێتافۆری ئاڕاستەکانەوە ( orientational metaphor) بەو پێیەی سیستەمێکی تەواوی وێناکردنە کە پەیوەستە بە ئاڕاستە گەردوونییەکانەوە و لەسەر تاقیکردنەوە فیزیکی و کەلتووریەکانی تاک دامەزراوە، بەم شێوەیە لە ژێر ڕۆشنایی ئاڕاستە گەردوونییەکان ئەم نەمەتە ڕێکخراوە وەک: (بەرزی، نزمی، ژێر، سەر، قوڵ، ڕووکەش، پەراوێز، ناوەند...هتد) ئەم ئاڕاستە گەردوونییانە بەشێوازێک مێتافۆرەکانیان ڕێکخراوە کە بە گەردوونی بوونی ئێمەوە پەیوەستە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ کاتێک لە بەرزی دابێت واتا بە پێوەیە و لە بنەڕەتدا کەسێکی تەندروست و ساغ بە پێوە وەستاوە، لە بەرامبەردا مرۆڤی نەخۆش و لاواز و کز و ڕوو لە زەوی، لەسەر شێوەی نزمی دەنوێنرێت، کەواتە ئاسودەیی پەیوەستە بە بەرزبوونی مرۆڤەوە بۆیە مێتافۆرە باشەکان بە دەستەواژە بەرزەکان دروست دەکرێن، بە پێچەوانەشەوە کاتێک هەستەکە خراپە پەنا بۆ ئەو دەستەواژانە دەبرێت کە نزم و ڕوو لە لێژییە. ( لایکوف ,جونسون:1980, 33)

(لەو خوارە) لە تاقیکردنەوەی کەلتووری و فیزیکی تاکی کوردا بە پێی مێتافۆری ئاڕاستەکان دروستبووە، لە لایەکەوە ڕۆیشتن لە باکورەوە بۆ باشور خۆی هەر بۆ تاکی کورد مردنێکە، بەو پێیەی ئەو بەسروشتی باشور و بیابان نامۆیە، لە هەمان کاتدا ڕۆیشتن بەرەو خوار بە واتای نەمان و لە ناوچوون دێت.مەودای سەرچاوە( خوارەوە) مەودای مەبەست(نەمان و لەناوچوون)

شەوق تیژی شۆڤڵەکان

ڕیزە چاڵێک نیشان ئەدات

ڕیزە چاڵێک هەڵکەنراون(گۆڕستانی چراکان:٣٢)

چاوەڕوانی پڕبوونەوەن بە حەرف و وشەی زمانێ کە غەریبن بە زمانم.(گۆڕستانی چراکان٩٧)

هەڵکەندنی چاڵ، بە بەشێکی سەرەکی تاقیکردنەوەی ئەنفال دێت، بێگومان ئاڕاستەی روولەژێری بە رادەیەکە کە هیچ دەرچوونی تیدا نییە و نەمانی حەتمی لەگەڵە، هەڵکەندنی چاڵ مەودای سەرچاوەیە، زیندە بەچاڵکردن و نەمان مەودای مەبەستە، کە چاوەڕوانی پڕبوونەوەن.

لەو دونیا

کە قوربانییەکانی ئێمە هەڵئەسنەوە

ئەچنە بەر بارەگای خودا و

بەیەکەوە هەموویان خۆیان ئەتەکێنن

ئەو تۆزەی لەوان هەڵئەسێ

سەراپای عەرشی خاوەند و پەروەردگار دائەپۆشێت.(گ.چ:٣٥)

بواری سەرچاوە هەڵسانەوەیە، بواری مەبەست بە تەواوی نابێتە سەرکەوتن و رزگاربوون، لەبەرئەوەی لە بارودۆخێکی وەک ئەنفال هەستانەوەکانیش خۆڵاوی و پڕلەگەیین.

### ا-٢/مێتافۆری داهاتوو لە پێش و ڕابردوو روو لە دوا

ئەم جۆرە مێتافۆرە پەیوەستە بەو بنەما فیزیکی و کەلتورییانەی مرۆڤ، کە وێنای داهاتوو روو لە پێشی مرۆڤ دەکات و ئاڕاستەکە بەرەو پێشەوەیە، وێنا بستراکتەکە بە شێوەیەکی گەردوونی روو لە پێشەوە دەبێت، لە کێڵگەی دیدەکانمان و لە گوتار و قسەی ڕۆژانەماندا ڕەنگ دەداتەوە، وێنەی ستاتیک و ڕازانەوە تێ دەپەڕێن و دەبنە هۆکارێک بۆ دەربڕینی وێناکان، لایکۆف جۆنسن پێیان وایە ئەم جۆرە مێتافۆرە لە هەموو کەلتورێکدا هەیە، لە بەرئەوەی سروشتێکی فیزیکی هەیە، بەڵام شێوازی دارشتنەکەی لە کەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.بڕوانە(لایکوف و جونسون:58) لە قەسیدەکە بەم شێوەیە دەرکەوتووە:

داهاتوو:

ئەو زارۆکەی

دوای چەن قەرنێ دێت و ئەزێ و

لە ڕەحمی ئەو وڵاتەوە سەر دەردێنێ و

ئەلف و بێی چرا فێر ئەبێ (گ،چ:٤٤)

بۆ ئەوەی چاوی ئایندە پڕ بکەم لە ئاو

تا ئەتوانم ئەم قیژەیە درێژ درێژ ئەکەمەوە

بۆ ئەوەی گوێچکەی داهاتوو

پڕ بکەم لە گڤەی زایەڵە

و لە وردە ناسۆری شکاو(گ،چ:٤٤)

مەدوای سەرچاوە بریتییە لە (پێش/داهاتوو) مەودای مەبەست ئەو (وێنانەن کە لە داهاتوودا دروست دەبن و هێشتا روویان نەداوە)، ئەمانە میکانزمێکی ستاتیکی و جوانکاری نین بەڵکو سیستمی وێناکردنی تاکە بۆ هەموو ئەو رووداوانەی کە لاداهاتوودا دەکرێت ڕووبدەن.

ڕابردوو:

لەو ساڵەدا

سەگی بیابانی خوارەوە

گورگی بیابانی خواروو

بە تازەیی

ئەوەندە کوردییان خواردبوو

خۆیان لە کۆنە بەرماوەی

قەل و داڵ و لە لاکی تۆپیو لا ئەدا

لەو ساڵەدا(گ،چ:٤٤)

لەم وێنا ئەبستکراکتانەی ڕابردوو، ئاڕاستەکان روو لە دوان، مەوادای سەرچاوە ئاڕاستەی ڕابردوو و روو لە دوایە، هەرچی مەودای مەبەستە لە وێناکردنی ڕابردوودا خۆی دەبینێتەوە، کە تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ پێیدا تێپەڕیوە و لە پاشی بەجێماوە و زەمەن تێیپەڕاندووە.

مێتافۆری ئاراستەکان لە خۆڕا ئەم سیفەتانە هەڵناگرن بەپێی ڕێکەوت نییە بەڵکو پێکهاتەیەکی فیزیکی و کەلتووری هەیە و بۆچوونمان بۆ دەوروبەر ڕێک دەخات و بیروبارەکانی لەسەر بونیاددەنرێت ئەمانە زیاتر پەیوەستن بە جەستەی مرۆڤ و ژنگەی دەوروبەرەوە بەواتایەکی تر بونیادی وێنەکانی مرۆڤ لە شیکردنەوە گەردوونییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت لەگەڵ کارلێکردن بەو ژینگەی ئەوکات وێناکانیش بەو شێوەیە هەڵدەقوڵێن مەودای سەرچاوە لەم

جۆرە میتافۆرانە ئاراستەی گەردوونی ڕوولەدوا مەودای مەبەستیش وێنە ئەبستراکتەکانی ڕابردوو، کارلێکەکەش پێویستە بە هەموو ئەو تاقیکردنەوەی کە تاک لە ڕابردوودا ئەنجامی داوەو پێیدا تێپەڕیوە و ڕووی لە دواوەیە واتاکانی بەسەرچووە ئەمانە هەموویان لە چاوی ئێستاکانی سفر دروست دەبن.

ب-مێتافۆرە ئەنتۆلۆژییەکان: antonologicl Metaphor

مێتافۆری ئەنتۆلۆژی بیرۆکەیەکی ئەبستراکتی وەک هەست و چالاکییەکان وەک شتێکی بەرجەستە دەنوێنێت، ئەم چەشنەی مێتافۆر لەسەر بنەمای بەرجەستەیی و نابەرجەستەییەوە بابەتەکە لێک دەداتەوە، هەوڵەکە بەو جۆرەیە لە ڕێگەی چەمکە بەرجەستەکەوە بۆ دیاریکردن و گەیاندنی چەمکە ئەبستراکتەکە هەنگاودەنرێت، هەر بۆیە لە ئەنجامی ئەزموون و کارتێکردنی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە بەرجەستە و فیزیکییەکاندا میتافۆرە ئەنتۆلۆژییەکان پەیدادەبن کە بێگومان لەشی مرۆڤ خۆی بنەمایە بۆ دروست بوونی ژمارەیەکی بێسنووری ئەم مێتافۆرە ئەنتۆلۆژییانە، لە مێتافۆری ئەنتۆلۆجی دا چەمکە ئەبستراکتەکان لە وێنەی هەست و سۆز و بیرۆکەکان ڕووداو چالاکیە جۆراو جۆرەکان لە ڕێگەی قەوارە و بوونە فیزیکی و مادییەکانەوە وەسفدەکرێن هەر کاتێکش چەمکێکی ئەبستراک وەک بوونێکی فیزیکی و  ماددی مامەڵەی لەگەڵدا کرا ئیدی دەتوانین ئەو چەمکە پۆلێنبکەین یان برەو چەندییەکەی دیاری بکەین و تەنانەت تێفکرین و لێکدانەوەشی بۆ بکەین(جەواد،٢٠٢٢: ٥١) لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

مێتافۆری ئەنتۆلۆژی بیرۆکەیەکی ئەبستراکتی وەک هەست و چالاکییەکان وەک شتێکی بەرجەستە دەنوێنێت، ئەم چەشنەی مێتافۆر لەسەر بنەمای بەرجەستەیی و نابەرجەستەییەوە بابەتەکە لێک دەداتەوە، هەوڵەکە بەو جۆرەیە لە ڕێگەی چەمکە بەرجەستەکەوە بۆ دیاریکردن و گەیاندنی چەمکە ئەبستراکتەکە هەنگاودەنرێت، هەر بۆیە لە ئەنجامی ئەزموون و کارتێکردنی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە بەرجەستە و فیزیکییەکاندا میتافۆرە ئەنتۆلۆژییەکان پەیدادەبن کە بێگومان لەشی مرۆڤ خۆی بنەمایە بۆ دروست بوونی ژمارەیەکی بێسنووری ئەم مێتافۆرە ئەنتۆلۆژییانە، لە مێتافۆری ئەنتۆلۆجی دا چەمکە ئەبستراکتەکان لە وێنەی هەست و سۆز و بیرۆکەکان ڕووداو چالاکیە جۆراو جۆرەکان لە ڕێگەی قەوارە و بوونە فیزیکی و مادییەکانەوە وەسفدەکرێن هەر کاتێکش چەمکێکی ئەبستراک وەک بوونێکی فیزیکی و  ماددی مامەڵەی لەگەڵدا کرا ئیدی دەتوانین ئەو چەمکە پۆلێنبکەین یان برەو چەندییەکەی دیاری بکەین و تەنانەت تێفکرین و لێکدانەوەشی بۆ بکەین(جەواد،٢٠٢٢: ٥١) لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

### ب-١/مێتافۆری بەکەسکردنpresnfication

پەیوەستە بە چالاکیەکانی مرۆڤەوە وەک ڕاوەستان هاتن ڕۆیشتن خێرایی بەڵام ئێمە دێین بۆ شتی جیا لە مرۆڤ بەکاریدەهێنین.* واتا مرۆڤ ئەوکارانەی پێ ئەنجامەدرێت بەڵام دەیکەینە مێتافۆر بۆ شتەکانی دەوروبەرمان مەودای سەرچاوە مرۆڤە کردەوە و چالاکی هەیە مەودای مەبەست (کات، شت، ...هتد)ئەمە دەبێتە بەشێک لە بیرکردنەوەمان بۆ شتەکانی دەوروبەر وەریدەگرین، وەک کارلێکی فیزیکی لەگەڵ شتەکانی دەوروبەر کاتێک وەک بوونەوەرێک یان  مرۆڤێک دەبینرێت و مێتافۆرەکانیان لێ دروستدەکرێت هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی لە جیهان بگەین و واتا بەشتەکانی دەوروبەرمان ببەخشین.(Lakoff and johanson:2003:166

بە پێێ ڕۆیشتنی شپرزەیی

شان بەشانی ڕۆیشتنی سەراب قۆڵ لە قۆڵی پایزا

ئەڕۆم

چوون هەوری ڕاونراو لە گاپێلی کێوانا

بەشێوەی بایەکی ترساو لە چەخماخە(گ،چ:١٠)

.....

ئەڕۆم

هەر بەو شمشاڵی ئاخ و داخانەوە

کە برینەکانم بۆ تەنیاییمی ئەژەنن(گ،چ:١٠)

مەوداکانی سەچاوە لەم مێتافۆرانە مرۆڤن( بە پێی ڕۆیشتنی شپرزەیی،قۆڵ لە قۆڵی پایزا، هەوری ڕاونراو، بایەکی ترساو، برینەکانم بۆ تەنیاییمی ئەژەنن) مەودای مەبەستن، ئەو جوڵەو چالاکیانە تایبەتن بە مرۆڤ بەڵام کاتێک شاعیر کارلێکیان لەگەڵدا دەکات وەک مرۆڤێک دەیانبینێت و دەیاندوێنێت. بەشێوەیەکی بەتین بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بەستراوە وای کردووە وەک مرۆڤێکی ئاسایی لە سیستمی بیرکردنەوەمان جێگیربێت و ببێتە شێوازێک لە قسەکردنی ڕۆژانەمان دووبارە بێتەوە.(کرتوس:2011: 88)

### ب-٢/ بەدوژمن کردنی شتەکان

بەشێکی تری مێتافۆرە ئەنتۆلۆژییەکانبە دوژمنکردنی شتەکانی دەوروبەرە، نەتەوەی ژێردەست پەنا بۆ هەموو مێتافۆرانە دەبات بۆ نیشاندانی زۆرداریی دوژمنەکەی، ئەمە تەنها هۆکارێک نییە بۆ وەسفی دوژمن بەڵکو نیشانەی خراپەکاری داگیرکاری نەمانی هاوسەنگی سروشتی...هتد)ئەم هۆکارانە وا دەکەن بوارەکانی بیرکردنەوە فراوانبێت و وەک ئەوەی شتەکان دەبن بە بوونەوەر و هەموو ڕەفتار هەمان ڕەفتاری دوژمنەکە دووبارە دەکەنەوە، ئەمە وا دەکات ئاگایی تاکەکان بەرانبەر واقیعەکەش بگۆڕێت لەبەر ئەوەی کاتێک لەگەڵ ئەو شتانە دەژین و تاقیکردنەوەیان لەگەڵدادەکەین و واقیعەکەش ئەو شێوازە وەربگرێت، ئەمە بنەمای تیۆری کارلێکی پراگماتیکییە هەروەک لایکۆف دەڵێت کاتێک تێگەیشتنمان بۆ شتەکانی دەوروبەر لەگەڵ واقیعەکەمان هاوتەریب دەبێت و بە توندی بە یەکەوە دەبەسترێت(لایکوف وجونسن:1996:177)

---

عەزیز گەردی لە کتێبی ڕەوانبێژی (لە چوارچێوەی خواستنی درکاو-ڕامانی بە کورتی ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە

**ڕاستە پەنجەی ناسۆر لەسەر کێلی بەختم هەڵبەستێکی چارەنووسی وشکی نووسی/**ناسۆری بە مرۆڤێکی خوێندەوار شوبهاندووە کە توانای هەیە.بڕوانە گەردی،١٩٧٥، ٧٠

زیلێک و دووزیل هەزار زیل....
هەناسەی بەفر هەڵئەگرێت
شەوق مانگەشەو هەڵئەگرێت(گ،چ:٢٤)

لە ئەنجامی کارلێکی تاکی کورد لەگەڵ دەورووبەرەکەی ئەم مێتافۆرانە دێنەکایەوە، (زیل) دەبێتە دوژمنێک و دژت دەوەستێتەوە، مەودای سەرچاوە (دوژمنکاری)یە مەودای مەبەست دەبیتە ئەو شتانەی کە بەشدارکراون لە پرۆسەی ئەنفالدا سەرەنجام بە درێژایی مێژوو لە زەینی تاکی کورددا دەبنە دوژمن

چ دەفتەرێکی بەرینی هەیە ئەم خواوەندی لمە
دەفتەرێ ئەستوورتر لە ناوقەدی دۆزەخ و تۆماری پان و پۆرتر لە زەریای عەرەب و
حیکایەتی لە کەنیزەکانی ناو(غەنائم)بە ئاپۆرەتر  و لەشکرێ لە شارەمێروولەی حیجاز زۆرتر خۆڵ ئەمنووسێتەوە
بەو زمانەی کە خودا حەشری بەنی ئادەمی پیدەکات(گ:چ:٩٨)

...

پاشان بیابان و لم دێن دەبنە دوژمن، ئەم حەفارانە ئەترسن
ئێوە برۆن لە عەمباری حەفارەی ئەو دونیاوە کە بۆ هەڵکەندنی دۆزەخ دانراون(گ:چ:٢٨)
لە کۆتاییشدا بێگومان حەفارە دێت چاڵ هەڵدەکەنێت، وەک دوژمنێکی تر لە زەیندا دەردەکەوێت.

لەبەر ئەوەی چەمکی ئەنفال ڕەچەڵەکێکی ئاینی هەیە بەدرێژی قەسیدەکە هەست دەکرێت کە مێتافۆرەکان شێوەیەک لە گلەیی و نارەزایی لەم بارەوە تێدایە و چەمکە ئاینییەکان کراونەتەوە مێتافۆر و هەست دەکرێت شاعر بەشدارییان بکات لە کارەساتەکە یان بێباکییان پیشانبدات.

ئەبێ خودا خۆی ڕۆژێک سەرمان لێدا و
پێمان بڵێ ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕوویدا(گ،چ:٢٩)

...

ئەو تۆزەی کە لەئەوان هەڵئەستێت سەراپای
عەرشی خواوەن و پەروەردگار دائەپۆشێ(گ،چ:٣٦)

## ب-٣/مێتافۆری ئەنتۆلۆجی بوون و ماددە:

هەندێکجار مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ چەمکێکی ئەبستراکدا وەک بوون یان قەوارەیەک دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی باشتر لەو بابەتە تێبگەین و زیاتر بیناسین کە لە بارەیانەوە دەدوێین ئەم جۆرە مێتافۆرە ئەنتۆلۆجییانە زۆر گرنگ و پێویستن تا بتوانین بەشیوەیەکی عەقلانی مامەڵە لەگەڵ ئەزموونە مرۆییەکاندا بکەین. بڕوانە(ئەحمد،محمد کەریم:٢٠٢٢: ٥١)و(جەواد:٢٠٢١:٥٢)

## ب-٣-١/ بە مادی کردنی هەستەکان:

زۆر جار هەستەکان وەک کیان و ماددەیەک خۆیان دەنوێنن لەگەڵ بارە فیزییەکانی دەوروبەر کارلێکدەکەن، لە ڕاستیدا هەستەکان شاراوەو و نادیارن بەڵام ڕێگای مێتافۆرەوە بە مادی دەکرێن و دێنە جیهانی دەرەوە، ئاڕاستە فیزیکیەکان لە ناوەوە بۆ دەرەوە بە پێچەوانەوە ڕۆڵی خۆیان لەم دەربڕینانەدا دەبینن و دەبن بە بەشێک لەش لۆژیکی ژیان و دەبنە هۆکارێک بۆ دەربڕینی پێویستییەکانی ژیان.

با بریسکەی بێ مەراق بدرەوشێنەوە ئاخ و داخ

....

ئەو جلانەی کە خەیاتە باریکەلەکەی خەیاڵی خۆم
لە ژوورە نسرمەکانی تەنیایی و تاریکیدا
هێور هێور لەبەر فانۆسێکی هیلاک
بۆی بریم بەتەقەڵی وردە هەنسکی شەوانە
بۆشی دوریم(گ،چ:٨)

ئەگەر لە دەقەکە وردبینەوە هەستەکان وا بەرجەستە کراون کە بتوانین لە دونیای واقیعدا بیانبینین مەودای سەرچاوە ماددەیە، هەرچی مەودای مەبەستە (ئاخ و داخە) واتا ئاخ و داخ وا بەمادی کراوە بریسکەیان دێت و دەدرەوشێنەوە، وردە هەنسکیش وەک تەقەڵێک نوێنراوە کە دورمانی خەمەکانی پێکرابێت.

## ب-٣-٢/بە مادیکردنی نەهامەتییەکان

نەهامەتیەکان و هەڵگرتنیان بەرپرسیاریەکێکی گەورەیە و شاعیر لە کۆڵی خۆی دەکات هۆکارە بۆ ئەوەی شاعیر بکەوێتە نەهامەتی و ماڵوێرانییەوە، بەم شێوەیە لەسەر شێوەی ماددەیەک دەنوێنرێت و کارلێکی لەگەڵ دەکرێت و لە جیهانی دەرەوە هەست بە بوونی دەکرێت، هەستی لەکۆڵکردنی نەهامەتی، بەرپرسارێتی، بەشداری لە نەهامەتییەکان، بە شێوەی ئاڕاستەی گەردوونی خۆی دەنوێنێت وەک ئەوەی ماددەیەک بێت و هەستپێبکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم بارە خۆی مەعنەوییە و لە جیهانی دەرەوە دابوونی نییە بەڵام دەبێتە شتێکی هەستپێکراو و لە جیهاندا و دەتوانرێت ببیندرێت.

بە پەڵە خوێنی نەوتاوی کەرکوکی سینەمەوە
کە بەردەوام سەری بڕاوی تیا هەڵدێ ئەڕۆم(گ:چ:٩)

...

جارجارێ کە ئەکۆکم یان هەناسەم سوار ئەبێ

وەک قەڵەمەکەم پێم ئەڵێت
لەبەر عومر یان جگەرە و سەهۆڵاو و سەرما نییە کە وام لێدێ(گ،چ:٥١)
ئەوە پەنجەی خرپنۆک و ئەوە بیلبیلەی بزێو و ئەوە کوڵم و ئەوە بووکە شوشە و ڤئەوە نووقڵ و ئەوە مەساسەی ئەوانە لەبەر بینم ئەگیرێن و ئەیانەوێ بێنە دەرێ.
......
من بەشوێن ئێسک و پروسک و کاسەسەرەوەم (گ،چ:١١)
وێناکردنی لەکۆڵنانی نەهامەتییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە تاقیکردنەوەکانمان سەرهەڵدەدات، لەگەڵ ئەوەی هەستەکە بەتەواوی مەعنەوییە بەڵام لە\ڕێگای مێتافۆرەکانی شاعیرەوە هەست بە قورساییەکەی دەکەی کە شار بەشار لە کۆڵی ناوە.

## ب-٤/ مێتافۆری بونیادگەریStractual Metaphor

ئەو مێتافۆرانەن کە لە بونیادی وێناکردنەوە سەرچاوەدەگرن، لە مێتافۆرە بونیادگەرییەکاندا شێوەی چەمکێکی ئاڵۆز بەهۆی چەمکێکی دیکەوە وێنا دەکرێت و دادەڕێژرێت (Lakoff and johnson:1984:14) چەمکێکی خاوەن دروستەیەکی ورد و سنوردارکراو بەکارهاتووە بۆ دارشتنی چەمکێکی دیکە، هەڵبەتە توانای ئەو مێتافۆرە پێکهاتەیانە بۆ گرێدانی دوو شتی تەواو جیاواز بۆ خەیاڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە چونکە لێکچوون و جیاوازیەکان لە ڕێگەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دێتەکایەوە بەم پێیە ئەزموونە ئاڵۆز و ئەبستراکتەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی سادە و دیاریکراو بە چەمک دەکرێن.(جەواد،هۆشەنگ فاروق:٢٠٢١: ٥٠)
مرۆڤ لە توانای دایە مێتافۆرەکانی زۆر فراوان بکات کە وابکات رۆشنایی زیاتر بخاتە سەر شتەکانی دەوروبەری، بۆ نموونە کە دەڵێی (مشتومڕ شەڕە) دەکرێت هەموو کایەکانی(شەڕ)ی تێدا بەدیبکرێت، هەروەک مێتافۆرەکانی (ئاڕاستە و ئەنتۆلۆژی) سود لە مێتافۆرەکانی ناو زەین وەردەگیرێت، مشتومڕ شەڕە لە عەقڵدا وەکو شەڕ دەنوێنرێت بۆ ئەوەی روونتر بێت لامان وێنای کێشمەکێشمە فیزیکییەکە دەهێنینە نێو قسەکردنەوە، مرۆڤ لە سەرەتاوە لە ئاژەڵەکانی دەوروبەری ڕوانیوە و تێبینی کردووە کەوا بە شەڕ دێن لە سەر (موڵک و دەسەڵات و شوێن و سێکس...هتد) لەبەر ئەوەی ئەو شتەی دەوێت کە ئاژەڵەکانی تریش دەیانەوێت.(لایکوف و جونسن:1996:83) بۆ مرۆڤیش هەمان شتە بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ عاقڵە هاتووە شەڕەکانی لە فیزیکییەوە بۆ قسەکردن گواستووەتەوە، بەڵام بنەماکانی شەڕکردن هەروەک خۆیان ماونەتەوە (هێرش کردن ترساندن، هێشتنەوەی ماوە، بەرگری، هێرشی پێچەوانە،خۆبەدەستەوەدان و...هتد).
لە قەسیدەی گۆڕستانی چراکان هەنگاوەکانی ئەنفالکردن بەتەواوی بەدیدەکرێت و لە ڕێگای مێتافۆرەوە دەنوێنرێت، واتا لە زەینی شاعیردا هەموو قۆناغەکانی ئەنفال دیاریکراوە، لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە کرا شیعر مێتافۆرێکی گەورەکراو و مێتافۆر شیعرێکی بچووککراوە، بۆ نواندنی کارەساتەکە سوود لە مێتافۆرەکانی ناو زەین بینراوە، لە رووی فیزیکییەوە لە واقعدا هەنگاوەکانی ئەنفال لە زەینی تاکی کوردا هەن، کاتێکیش بە مێتافۆر دەکرێن هەمان رێچکە دەگرنە بەر بەمشێوەیە( هاتن بۆناو دێهاتەکان، ڕاگواستن، گواستنەوە بۆ تۆپزاوا، ڕێگایەکی دووری شاراوە، گەیشتن بە بیابان، ئازاردان و دەستدرێژی و جیاکردنەوەی ژن و پیاو و منداڵکوشتن، زیندەبەچاڵکردن، لە کۆتاییشدا مانەوەی هەموو ئەمانە لە یادەوری شاعیر و تاکی کوردا)
نەرۆژنامەی دراوبوون نە پەرەمریشک و نە قوتووی فڕێدراو نەشووشەی شکاو
کەچی بوون بە هەموویان
قەڵەم و جزدان و هەندێ دراوی ئاسن و بازن و مت و موروتان
ملوانکە و ئەڵقەی پەنجەتان هەر هەموویان
جگە لە خۆتان بیوەی بوون...(گ:چ:٢٣)
ئەمە سەرەتای دەستپێکی پرۆسەی ئەنفال دەبێت لە قەسیدەکە کە دربڕینە بۆ دەستپێکی ئەنفال.
بەمشێوەیە مێتافۆرە بونیادییەکانی قەسیدەکە بە ڕیزبەندی مێتافۆر وەردەگرن، ئاشکرایە کە دوای ئەوەی بە زیل دەگوازرێنەوە دەبرێنە (تۆبزاوا)..
- تۆپزاوا
یەکەم هاوینەهەواری خێڵی مردن
یەکەم ئێزگەی دەنگی تیژی پەپوویەکی شەوەزەنگی باڵ لە ئاسن
.....
تۆپزاوا
دەشتێک لە ترسی ترساو و بەراییەک لە ڕامانی خوداوەندی بێ قودرەتی
بەردەم دۆڵپاکانی بەغا و
چورستانێ لە پرسیاری سەرگەردان و پرسگەیەک لە دەروازەی جەهەنەم.(گ:چ:٢٤-٢٧)
لەدوای ئەوە (ڕاگواستن) دێت بەمشێوەیە نوێندراوە:
دنیا زەلیل جادە زەلیل ئاو زەلیل سروشت زەلیل
.... لیرەوەیە کۆچێکی سوور کۆچێکی دوور (گ:چ:٢٣)
پاشان نوگرەسەلمان دێت وەک شوێنێکی گشتی و ناوچەیەکی ژیان بۆ خەڵکی عێراق بەڵام دەبێتە ئافاتێک و دوپشکێکی گەورە.
نوگرەسەلمان ئافاتێکی قەڵاقەڵا، دوپشکێکی گەورە گەورەی کۆنکریتی
....
تاعونێکی خۆمەڵاسدەر لە ناولمدا و کینە و ڕقێکی سەرمەدی
......

تینوتییەکی ئەزەلی و پێناسەیەک بۆ ونبوون.(گ:چ:٧٦)
لە هەندێ کۆپلە دەستدرێژی نوێندراوە،
لەو سەوەدا مێرگی لە کچە سەبایەی شاخەکانیان هەڵرشتە ناو هۆڵیکەوە
هۆڵ روناک و کچ تاریک....(گ:چ:٢٧)
بێگومان بە زیندە بەچاڵکردن و نواندنی لە رێگای مێتافۆرەوە پێکهاتەی چەمکی(ئەنفال) لەنیو خۆیدا تەواو دەکرێت.
لەناو لمی عەرعەر دەستێک هاتبووە دەر
هێشتا بازن لە مەچەکا زرەی ئەهات.... بە تەنها هاواری کە لەرێگادا ئەمرد و نەئەگەیشتە گوێچکەی سەرێ خودایە بۆ؟(گ:چ؛٥٠)
بەمجۆرە مێتافۆرە ئەم بونیادگەرییانە بۆ گرێدانی دوو شتی تەواو جیاواز بۆ خەیاڵی مرۆڤ گەرێندراوەتەوە،چونکە لێکچوون و جیاوازیەکان لە رێگەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دێتە کایەوە، بەم پێیە ئەزموونە ئاڵۆز و ئەبستراکتەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی سادە و دیاری کراو بە چەمککراون.

## دووەم:مێتافۆرە داهێنراوەکان:

هەندێ جاریش پێی دەوترێت مێتافۆری شاعیر یان ئەدەبی یان خودی شاعیر دەبێتە سەنتەری داهێنانی ئەم جۆرە مێتافۆرانە، بەو شێوە مێتافۆرانە دەوترێت کە شاعیر تایبەت بە شیعرەکەی دایهێناون جوانکاری و هونەر و داهێنانی تێدا بەدی دەکرێت، لە وتاری شیعری و سیاسی و فەلسەفی و...هتد دا بەدی دەکرێت لەم بارانەدا پێی دەوترێت مێتافۆری نوێ بڕوانە (توفیق،سعید:2008: 53) واتە پەنا بۆ شتە نوێ و نەزانراوەکان دبرێت بەشێوەیەک هەموو کایەکانی رەوانبێژی تێدەپەڕێنێ.(Lacoff an johnson:1984:21) ئەگەر شاعیرەکانیش لەگەڵ ژینگەکەیان کار لێکبکەن ئەو کات ئەم داهێنانەش هەر لەسەر بنەمای کەلتووری و فیزیکی دروست دەبن.
دەکرێت ئەم مێتافۆرانەی قەسیدەکە بخەینە ئەو بوارانەوە:
غوربەت بووە بە شوقەیەک لە نهۆمی بێزاریداشێی بە پێستم هەڵهێناوە.(گ:چ:٨٦)
بەتەواوی هەست بە تێکشکانی رستەکە دەکرێت، ئەمە داهێنانی شاعیرە لەبەر ئەوەی زمانەکەی وا تێکشکاندووە بۆ دروستکردنی مێتافۆرەکە کە لەهەندێشوێن هەڵوەستەی دەوێت تاکو لێی تێبگەین،(لە نهۆمی بێزاریدا) لە زمانی ئاسایی نهۆم بۆ دیاری کردنی شوێن و پیگە دێت بەڵام لێرەدا بێزاری پێ پێوراوە، بەمشێوەیە ئەم مێتافۆرە بە داهێنراوێک دادەنرێت کە دید و بۆچوونێکی جیاواز بۆ واقیع دروست دەکات.
جگە لەمانە لە پەراوێزی شیعرەکان فەرهەنگێکی وشە دانراوە کە داهێنراوی شێرکۆن لە دامێنی لاپەڕەکە روونی کردوونەوە وەک(گچگچ:لەرزینی دار،لا٥٤،تاباز، بۆ مرۆڤی زەبەلاح بەکاریهێناو،لا٥٥،پروکە:دەنگی وردی بەفر،لا٥٥
کەواتە ئەگەر تیۆرە کلاسیکییەکەی ئەرستۆ وێناکردنی مرۆڤی بۆ جیهان دابڕبێت لە جیهانی دەرەوە، ئەوا تیۆری کارلێکی گرنگی بەو تاقیکردنەوە مرۆییانە دا کە لەگەڵ جیهاندا کارلێکدەکەن، ئەوەی دەرخست هەموو توانا عەقڵی،جەستەیی،هەستییەکانی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا کارلێک دەکەن و لە رێگای ئەوانەوە بیرۆکەی نوێ و وێنای جیاواز دروستدەبێت، سیستەمە وێناییەکەی مرۆڤ ئاوێنەی جەستە و کردە و چالاکییەکانی دەبێت.
راڤەکردن لەژێر رۆشنایی ئەم تیۆرە پێویستی بە بونیادێکی گشتگیری مەعریفی هەیە،تاک بە ژینگە و کەسەکانی دەوروبەرییەوە دەبەستێتەوە، تەنها لەسەر شیکردنەوە و راڤەی چەمکەکان ناوەستێت بەڵکو دەگاتە قوڵایی سیاقەکان و دەرکەوتەی گوتارەکان، راڤەی مێتافۆری پێویستی بە شارەزایی نێرەر و وەرگر هەیە، جگە لەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیاسی ...هتد دەهێنرێتە نێو شیکردنەوەکانەوە، هەموو ئەمانە بوار بۆ راڤە جیاوازەکان خۆش دەکەن کە خوێندنەوە و شیکردنەوەکان لەسەر یەک جۆر نەوەستن و بەبەردەوامی لە گۆڕاندابن.

## ئەنجام:

١- تانوپۆی مێتافۆرەکان لەسەر بنەمای جیهان دارێژراوە پەیوەستە بە کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ دەوروبەر و کەلتوورەکانیان، کارلێک ئەو ئەوکاتە دروستدەبێت کە هەست بە سیما هاوبەشەکانی نێوان هەردوو یەکەی مێتافۆر بکەین.
٢-مێتافۆر توانستێکە مرۆڤ بیری پێدەکاتەوە، ناکرێت لە بیرکردنەوەکانمان دەستبەرداری مێتافۆر بین بەڵکو بە پێچەوانەوە مێتافۆر لە هەموو کایەکانی ژیانمان بوونی هەیە بگرە لە کردەکانی رۆژانەشمان ئامادەیە سیستەمی وێناکردنی ژیانمان لە بنەڕەتەوە مێتافۆرییانەیە.
٣-شێرکۆ بێکەس بەو توانا زمانیەی کەهەیەتی، مێتافۆری وا دەخولقێنێ کە کۆی بیکردنەوەی تاکی کورد بۆ چەمکی ئەنفال ئاراستە بکات، ئەو میتافۆرانەی لە لایەن شێرکۆوە دروستدەکرێن بە چەسپاوی لە زمانی کوردیدا دەمێننەوە رەنگە پێشتر ئەوە لە زمانی کوردیدا یان لە رووداوەکاندا نەبن، بەڵام لە رێگای داهێنانی زمانییەکانی شێرکۆوە دێنە ناو بیرکردنەوەی تاکی کورد و دەمێننەوە ئەم بابەتە پێکهاتەیەکی وردتر بۆ واتای شتەکان دروستدەکات و رەهەندێکی هەڵکۆڵراو بۆ مێتافۆر لە زەینی تاکی کوردا دروست دەکات.
٤-لە ئەنجامی کارلێکی تەواوی شێرکۆ بێکەس لەگەڵ بابەتی ئەنفال لەرووی کەلتوری و فیزیکییەوە، هەموو مۆدێلەکانی تیۆری کارلێکی پراگماتیکی لە قەسیدەی(گۆڕستانی چراکان) بەدی دەکرێت، بەشێوەیەک کە مێتافۆری ئاراستەکان هەموو ئاراستەکانی( ژێر،سەر، رابردوو داهاتوو)ی تێدایە، لەهەمانکاتدا لە مێتافۆرە ئەنتۆلۆژییەکاندا بەکەسکردنی شتەکانی دەوروبەر و کیان و ماددە بە مادی کردنی هەستەکان و شتەکان و لەکۆڵنانی نەهامەتییەکان بەروونی دەبینرێتەوە، لە مێتافۆری بونیادگەریدا، بۆ نواندنی کارەساتەکە سوود لە مێتافۆرەکانی ناو زەین بینراوە، لە رووی فیزیکییەوە لە واقعدا هەنگاوەکانی ئەنفال لە زەینی تاکی کوردا هەن، کاتێکیش بە مێتافۆر دەکرێن هەمان رێچکە دەگرنە بەر بەمشێوەیە( هاتن بۆناو دێهاتەکان، راگواستن، گواستنەوە بۆ تۆپزاوا، رێگایەکی دووری شاراوە، گەیشتن بە بیابان، ئازاردان و دەستدرێژی و جیاکردنەوەی ژن و پیاو و منداڵکوشتن، زیندەبەچاڵکردن، لە کۆتاییشدا مانەوەی هەموو ئەمانە لە یادەوری شاعیر و تاکی کوردا) لە کۆتاییشدا لە داهینانی مێتافۆردا ئەو مێتافۆرانە هەن کە شاعیر تایبەت بە شیعرەکەی دایهێناون کە جوانکاری و هونەر و داهێنانی تێدا بەدی دەکرێت.

## سەرچاوەکان:


1. -بێکەس،شێرکۆ(٢٠٠٦) ،کتێبی شەشەم،گۆرستانی چراکان،سلێمانی.
2. -گەردی،عەزیز،١٩٧٥ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم،جوانکاری،چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر.
3. -ئەحمەد، محمد کەریم،نامەی ماستەر، ٢٠٢٢،درکپێکردنی وێنای مێتافۆری لە کۆدی شیعریدا،زانکۆی هەڵەبجە،کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، بەشی کوردی.
4. -جەواد،هۆشەنگ فاروق،پوختەیەکی وردی تیۆری مێتافۆرییە چەمکییەکان و پەیرەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیەم کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە٤٩ی ساڵی٢٠٢١.
5. -ارسطو،فن الشعر،إبراهيم حمادة،مكتبة الانجلو المصرية.
6. -ارسطوتاليس,1979فن الحطابة,ت,عبدالرحمن البدوي, وكالة مطبوعات ودار القلم للطباعة,بيروت لبنان
7. -الحنصالي سعيد،2005،الاستعارة والشعر العربي الحديث،دار التوبقال للنشر،دار البيضاء.
8. -ايكو،امبرتو،2005سيميائيات والفلسفة اللغة،ت،احمد الصعمي، منظمة العربية للترجمة،بيروت.
9. -توفيق، سعيد، 2008في اللغة والفلسفة التاويل،ط1، مجد المؤسسة الجامعية لدراسات والتوزيع،بيروت-لبنانز
10. -جورج لايكوف و مارك جونسون،1996الاستعارات التي نحيا بها،ت.عبدالمجيد جفحة،دار توبقال للنشر،دار البيضاء.
11. -ريتشاردز،ايفور،ارمسترونغ،2002،الفلسفة البلاغة،ت،سعيد الغانمي،ناصر الحلاوي،افريقار الشرق،المغرب.
12. -ريكور،بول،2006،نظرية التاويل(الخطاب والفائض المعنى،ت(سعيد الغانمي)، مركز الثقافي العربي،دار البيضاء مغرب.
13. -صليبا،جميل،1982معجم الفلسفي،ج1،المعجم الفلسفي، بالعربية والإنكليزية واللاتينية، دار الكتاب اللبناني،بيروت.
14. -لحويدق, عبدالعزيز,2015 نظريات الاستعارة في بلاغة الغربية, دار الكنوز المعرفية, عمان -الاردن
15. -لايكوف و جونسون، 2011 من نكون؟ ت. عبدالمجيد جخفة ضمن الاستعارة والمعرفة مختبر اللسانيات والتواصل، أعداد خالد برادة و عبدالمجيد جخفة، منشورات المختبر، كلية الاداب-بني امسيك-دار البيضاء.
16. -لايكوف،جورج،2006،حرب الخليج و الاستعارات التي تقتل،ت،عبدالمجيد الجحفة،عبداله سليم،دار توبقال للنشر،دار البيضاء.
17. -لايكوف، جورج،1992 النظرية المعاصرة في الاستعارة، ت.محمد امين مؤمن، ضمن الاستعارة والمعرفة مختبر اللسانيات والتواصل، أعداد حالد برادة و عبدالمجيد جخفة، منشورات المختبر، كلية الاداب-بني امسيك-دار البيضاء.
18. -مجمع اللغة العربية،1983معجم الفلسفي،هيئة العامة لشئون المطابع الاميرية،قاهرة.
19. .-Oxford،The PHilosofy of Rhetoric،(2001)،I.Richards
20. Cornell University press،Models and Metaphors،(2019)،max،Black
21. Lakoff. G. Jonson، M، (1999)، Philosophy in the Flesh، New York: basic
22. books، Language، Pantheon، NEW YOR
23. Lakoff. G. Jonson، M(2003) Metaphors we live by،Univeristy of Chicago press.